ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت

بە:

دیاریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

لە ڕۆژی 2005/6/14دا لە ڕێوڕەسمێکدا لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێر، مەسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاریکرا. دیاریکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەم ساتەوەختەی هەلومەرجی سیاسی عێراقو کوردستاندا، لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە جەژنی بۆ گیراو وەك کۆتایی کێشەکان باسی لێکراو باسی لێدەکرێت، هەردوو حزبی دەسەلاتدار ئەندامانی خۆیان خستە سەرجادە بە ئالای سەوزو زەردەوە شاییان گێرا.

دیاریکردنی سەرۆکی هەرێم، پاش 4 مانگ زیاتر لە هەڵبژاردنە گاڵتەجارییەکی عێراقو پاش ئەوەی کە تەواوی جروجانەوەرەکانی ئیسلامی سیاسی لە گەل ناسیونالیزمی کورد لە بەغدا زۆر زووتر ڕێککەوتبونو لەهەمانکاتدا، ئەم پۆستە خۆی پۆستێکە ماوەی زیاتر لە 13 ساڵە کێبەرکێی لەسەرە لە نێوان بارزانیو تاڵەبانیدا، لەمڕۆدا پێش ئەوەی ئاماژە بێت بۆ پەرەگرتنو سەرکەوتنی ناسیونالیزمی کورد بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆسپو تەگەرەکانی بەرەمیدا، بۆخۆی نیشانەیەکە بۆ ڕون نەبوونی ئاسۆی سیاسی ئەم بزوتنەوەیەو حزبە دەسەلاتدارەکانی لە کوردستاندا لە چوارچێوەی عێراقی ئەمڕۆدا. تەواوی ڕیککەوتنی نێوان یەکێتیو پارتی لە بناغەوە بەندە بە بونی ئەمەریکا لە عێراقدا لە لایەکو لە لایەکی دیکەوە بەوەی کە لە عێراقدا چییان پێ دەبڕێت.

ئاسۆی سیاسی ناسیونالیزمی کورد لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمەریکاو ئیسلامی سیاسیو ناسیونالیزمی عەرەبدا تاریکە. فیدرالیزمو گێرانەوەی کەرکوك بۆ کوردستان، ئەو دوو تەوەرە بناغەییەن کە ناسیونالیزمی کورد تەواوی ئومێدو ئیستراتیژی خۆی بەستۆتەوە پێی لە سایەی داگیرکاری ئەمەریکاو ئەو دەوڵەتە وشکە کەڵەکەی بەغدا. دەوڵەتو هێزگەلێك کە هاوبەشن لە پێکهاتنیدا، جاری زۆری ماوە یەکلایی ببێتەوەو بەم پێیەش، کێشەو ململانێی داهاتوو، کێشەو کێبەرکێی ئەم هێزانە دەبێت لەسەر پێکهێنانی دەوڵەتو ساغکردنەوەی دەوڵەت، کە یەکێك لە کێشە گەورەکانی بەردەمی کێشەی کەرکوك و فیدرالیەتی قەومییە. ئەمە بەجیا لە مەسەلەی بودجەو چونە دەرەوەی هێزی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیو چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆریزمو دابینکردنی ئەمنیەتو ئارامیو جێگای دین لە دەوڵەتو چۆنیەتی وەلامدانەوە بە کێشە کەڵەکە بوەکانی خەڵکی عێراقو کوردستان..... هەر ئێستا دەوڵەتی تاڵەبانی-جەعفەری، بە ڕۆشنی نیشانەی بونی دەوڵەتێکە کە دەڵەمەیەو هەڵگری دەیان دژایەتی نێو خۆیەتی، لەوانە ڕەفزکردنی ماددەی 58و پەیوەست بونی ئەنجومەنی پاریزگاکان بە وەزارەتی پاریزگاکانەوە لە بەغداو.... کە هەردوکیان ڕاستەوخۆ تیریکن بۆ سەر سنگی ناسیونالیزمی کوردو سەرۆکو وەزیرەکانی لەبەغدا.

بە دیاریکردنی سەرۆکی هەرێم، ناسیونالیزمی کورد دەیەویت، نیشانی بدات کە یەکگرتونو کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بوەو هەردوو ئیدارە دەکەن بەیەك. بەلاّم لە بناغەوە سەرۆکی هەرێم لە سەرپایەو چوارچێوەیەك لەسیاسەتی ڕۆژ دارێژاروەو هاتۆتە بوون کە خۆی کاتیەو زۆر ناخایەنێت، ئەوسەرەکەشی تاریکەو ڕون نیە. مەسەلەکە ئەوەنیە بەپێی چەمکی ڕیککەوتن سەرۆك لە بەغدا کوردەو لە کوردستانیش کرا سەرۆك هەڵبژێرێت. بەڵکو لە بناغەوە مەسەلەکە ئاسۆو ئامانجێکە کە ناسیونالیزمی کورد لە سایەی داگیرکاری ئەمەریکادا لە گەل کۆنەپەرستترین هێزی ناوچەکەدا خۆی پێوە بەستۆتەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، کە پایەیەکی قەومیو دینیو تائیفی- دینی هەیە.

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!

ئێوە یەکگرتنی ئیدارەی هەردوو حزبتان بینوەو بە تەجروبە ماوەی دووساڵ لە سایەیدا ژیانتان بەسەر بردوە. مەسەلەی ئەصلی بۆ ئیوە دابینکردنی خواستو داواکانی خۆتانە. خواستی سەرەکی ئەمڕۆی ئێوە لە جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆدا، لە ڕێگای ریفراندۆمێکی گشتیو ئازادەوە بەرجەستە دەبێتەوە. بەم پێیە، بونی سەرۆکی هەرێمو حکومەتێك لە هەرێمی کوردستاندا کە خۆی لە چوارچێوەی عێراقدا قەتیس ماوە، ڕاستەوخۆ بەرانبەر دەوەستێتەوە بە خواستی ئیوەو داواکاری ئەصلی ئیوە لە مڕۆدا. لەلایەکی ترەوەو تا ئەوکاتەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا ماوەتەوە، پێویستە خەباتی خۆتان یەکگرتوو هاوئاهەنگ بکەن لە پێناو بەدەستهێنانی مافو خواستەکانی خۆتاندا، لە دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکانەوە بگرە، تا یەکسانی نێوان ژنو پیاو لە بەرانبەر یاساداو، تاکو باشبونی ژیان وگوزەرانتان لە بەرزبونەوەی لایەنی کەمی موچە تا ئاستی 375هەزار دینار بۆ مامۆستایانو فەرمانبەرانو کرێکاران، تاکو خواستی باشکردنی زەمانی تەندروستیو دابینکردنی ڕیگاو بانی گونجاوو وزەی کارەباو هێلەکانی تەلەفونو دابینکردنی خواستەکانی لاوانو....

خەباتو نارەزایەتی ئیوە پێویستی بە ڕێکخراوبونو یەکگرتن هەیە، خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی ڕیفراندۆمیکی گشتیو ئازاد بۆ خەڵکی کوردستانو جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولەتێکی عەلمانیو ناقەومی، خەبات لە پیناو مافەکانی خۆتاندا. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە ریزی خەباتیکی بێوچاندایە لە پیناو دابینکردنی تەواوی خواستو داواکانی ئیوە.

بە حزبی خۆتانەوە پەیوەست بن.

2005/6/15